# له ساڵرۆژی ١١ی سێبتمبەردا، بڕوخێت تیرۆریزم !

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

ساڵێکی تەواو بەسەر کاری تیرۆرستانەی ئیسلامی سیاسی ، لە مانهاتنی نیویورك و پنتاگۆنی واشتن دا تێپەردەبێت.بەجیا لە ئاکامە گیانی و قوربانی یەکانی ئەم رووداوە کە بۆخۆی مۆدێلێکی تازەی جینۆسایدە دژ بە بەشەریەت، لە داهێنانی فەرهەنگ و فەنتازیای ئیسلامی سیاسی یە، کە خەڵکی جیهانی راچڵەکاند.راپچڵەکاندن، چونکە نمونەیەکی نوێ ی لە کۆمەڵکوژی ئینسانی هێنایە نێو بازاڕی سیاسەتەوە، نمونەیەك، کە فڕۆکەو ئینسان، بی گیان و گیاندار، پێکەوە دەبن بە بۆمب و ساروخ، پێکەوە دەبن، بە بەرمیلێك لە باروت، بۆ گیانی هەزارەها ئینسان.

بەجیا لەم فەنتازی یەی ئیسلامی سیاسی کە رێکخراوی " القاعده" شانازی بە پیادەکردنی یەوە دەکات، وە بەجیا لە قوربانی یەکانی ئەم رووداوە ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە، ١١ی سیبتمبەر بوو بە خاڵی وەرچەرخانێك، بە قەولی بن لادنیش" رێڕەوی مێژوی گۆڕی !" بەلاّم با بزانین، رێڕەوی ئەم مێژوە چۆن گۆڕدرا.

## ئاکامی سیاسی ڕووداوەکە :

ڕوادوەکە، شانسێکی گەورەی دا بە حکومەتی ئەمەریکا، کە هەناسەیەکی قوڵ هەڵمبژێت و غوڵ ئاسا سێبەری تیروریزمی دەوڵەتی خۆی بەسەر جیهاندا پەخش بکاتەوەو شەلم کوێرم ناپارێزم، تۆمەتی تیرۆرو تیرۆریزم بخاتە پاڵ هەر هێزو لایەنێك کە ناکۆکە لە گەڵیدا، بەتایبەت پاش سەرکەوتنی خێرایی بەسەر دەسەڵاتی تالیبان لە ئەفغانستاندا.ئەم ڕوداوە بوە هۆی ئەوەی ئەمەریکا جارێکی تر سەرکەوتوبێت لە رابەری کردنەوەی هاوپەیمانیەکی جیهانی بە ڕوی تیرۆردا و لە ژێر ناوی لێدان وجەنگ دژی تیرۆردا، هێرشی بەردەوامی خۆی تاماوەیەك درێژە پی بدات، لە پێناو ساغ کردنەوەی ئیستراتیژی سیاسی جیهانی خۆی " نیزامی نوی ی جیهانی ".ئەگەر چی هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ ئیدامەنی جەنگی دژی تیرۆر هەر زوو ڕوبەڕوی نارەزایەتی خەڵك و هاوپەیمانەکانیشی بووەوە، بەلاّم لەم نێوەدا ئەمەریکا یەك هەنگاو چوە پێشەوە، ئەویش ئەوەبوو، کە ئەمەریکا وەك خاوەنی رەشترین دوسیەی تیرۆرو تیرۆریزم، وەك خاوەنی گەورەترین جبەخانەی چەك و پێداویستی جەنگی ، وەك خاوەنی یەکەم بەکارهێنەری بومبی ئەتۆمی لەمێژوی بەشەری دا، بو ماوەیەك ئەگەرچی کورتیش بوو توانی وەك " لایەنێکی حەقدار" لە هەوڵەکانی دا خۆی نیشان بدات، وتا ئاستێکش وا دەربکەوێت، ئەم شانسە ئیسلامی سیاسی یان بڵێم تیرۆرستانی ئیسلامی سیاسی ، وەك دیاری یەك دایانە دەست ئەمەریکا، لەلایەکی تریشەوە، بۆماوەیەك جڵەوی رابەری جیهانی گرتەوە دەست، کە بوە هۆی ئاکامێکی سیاسی گەورە بۆی لەباری بارگە خستنی لە چواردەوری حەوزی قەزویندا، فرسەتێکیشی دایە دەست، کە تا ئێستا کێشەی عەرەب– ئیسرائیل، لە چوارچێوەیەکدا رابگرێت کە خۆی خوازیاریەتی ، ودەستی حکومەتی رەگەزپەرستی شارونیشی ئاوەلاکردوە (یان لایەنی کەم تیشکی سەوزی داوەتی )بۆ کوشت وبڕێکی بی وینە، لەباری سیاسی یشەوە، وەك نێرە عەلەشیشێك خۆی نیشان دەدات و سنگی بەرز دەکاتەوە و، لێرەو لەوی بەپێی ی پێداویستی سیاسی خۆی سەرۆکی ئەم وولات و ئەوولات دیاری دەگات و یان ئیدعای گۆڕینی دەکات.ئەم سەرۆکی تیروریزمی نیودەوڵەتی یە، تیرۆرو تیرۆریزمی کردە یەك قانونی نیونەتەوەیی ، کەلەسەروو هەموو دام ودەزگا کارتونی یەکانی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە جی بەجی دەبێت، لایەنی کەم لە یەك ساڵی رابوردودا ئەمە خاڵێك بوو پێویستە تۆمار بکرێت.بەلاّم ئەم دەورەیە کۆتایی پی هات، ئیستا، هەروەکو ئەوکاتیش پێشبینیمان کردبوو، ئەمەریکا ناتوانایە لە پێکهێنانی هاوپەیمانی یەکی سی وولاتیش، لە دژی دکتاتۆری عیراق و لێدان لە عێراق، هەرئەوکات وتمان سەرۆکایەتی جیهانی سەرمایەو سەرمایەداری تەنها بە هێزی ساروخ و فڕۆکەکان ناڕواتە پێشەوەو جی بەجی نابێت.ئەمە بەجیا لەوەی ئەمەریکا دەرگیری گەورەترین ئەزمەی ئابوری خۆیەتی ، کۆمپانیا جیهانی یەکانی یەك لەدوای یەك هەرەس دەهێنن، سەدەها هەزار کرێکار لە ساڵی پارەوە بێکار کراون، کە ١١ی سیبتمبەر، لەم مەیدانەشدا خێرێکی گەورەی بەخشی بە سەرمایەداران و بی گوێدانە هیچ یاسا و رێسایەك بەشەپۆڵی دەیەها هەزارە کرێکاریان دەردەکرد، دەیان کردە ملی ١١ی سیبتمبەرو ئەم ڕوداوەیان کردە بیانویەکی گەورە، بۆ بی دەنگکردنی کرێکاران وفەرمانبەران.پاش یەك

www.kurdistannet.org

سالْ ئەم تیروزمە هارەی سەرمایە، ئەم تیرورزمەی کە " دیمکراتی " و " مەدەنیەت" و " مافی مروۆ" ی کردوٚتە ئالاْ، توشی هەناسە بڕکی بوە، بەهەورازێکی بەرزدا سەردەکەوێت، کە دوا ئاکامەگانی بە بڕوای من گل بونەوە دەبێت.

بەلام لایەنێکی تری ئەم جەنگە، تیروزمی ئیسلامی سیاسی یە.ئەم بزوتنەوەیەش دەیەوی لە دنیای ئەمڕۆدا مۆری خۆی بنێت بە جوگرافیایی سیاسی جیهانەوەو داوای بەشی خۆی دەکات لە قازانج وسەروەتی سەرمایە، ئیدعای دەسەلْاتی سیاسی دەکات لە وولاتانەی کە ئیسلامیان بەسەردا سەپاوە یان پی یان دەوترێت " موسلْمان نشین"، دەیانەوی ئەفغانستان وئێران وسعودیە لە هەموو ئەو جۆرە وولاْتانەدا پێك بهێنن، بەم شێوەیەش بی مافی یەکی بی هاوتا بسەپێنن بەسەر خەلْکی ئەم وولاتانەدا، کێشەی ئەم تیرۆریزمە " تاڕادەیەك کەم هێز ترە" لە گەل تیرۆریزمی ئەمەریکی دا، لەسەر جێگاوڕێگای سیاسی یانە لە جیهانی ئەمڕۆدا.ئەم تیرۆرزمەش بەهەمان شێوە، لغاوی بەربوە، تەنها گۆچانی دەستی و تەنها فەرهەنگێك کە پێیەتی و تاڕادیەکیش بۆتە هۆیْ مانەوەی ، کوشت و بڕە، تیرۆرە.سەرنج بدەن چ بەلْایەك بەسەر بەشەرتی ئەمڕۆدا کەوتوە، ئینسان مێشکی دەشورێت و دەکرێت بە بۆمب و خۆی دەتەقێنێتەوە، لە ژێر ناوی " رزگاکردن خاك" یان دژی " کفر" دا، بڕوانن خەریکن چ بەربەریەتێك، دەکەنە بەری ئینسانی هاوچەرخ، لە ژیر ئیدعای " دژی ئیمپریالستی " و دژی "غەرب و فەرهەنگی غەربی" و " دژی کفر" دا، غەربێك کە تا دوێنی تاکە گۆچانی بن بالْیان بوو، وە دروست کەریان بوو.سەرنج بدەن دەلْین دەبێت ژن ئینسان نەبێت و " برقع" بپۆشێت، نابێت بچێتە قوتابخانەو سەرکار یان ئەگەر چوو، پێویستە لەگەل پیاوان تێکەلْ نەبێت، نا بێت تەلەفیزیون هەبێت، خۆ ئەگەر بووش دەبێت، کەنالْەکانی هەمووی کەنالْی " قورئان" و" الله اکبر " بێت، ئەنتەرنێت و دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری نوێ کاری شەیتانەو قەدەغەیە، گۆرانی غەرەبی و سەمای غەرەبی وجلی غەربی قەدەغەیە و کوشتنی لەدوایە، تەماشاکەن لەکوردستانی عێراقەوە بگرە تاکو دەگاتە ئەفغانستان و جەزائیرو میسر و فەلەستین، و ئیران ئێمە شاهیدی ئەم چەقو کێشی و لغاو بەربونەین، سەربڕینی ئینسان" گوندی خێلْی حەمەو جەزائیر" بومبی بەشەری لە فەلەستین و ئەفغانستان و کلیلەکانی خومەینی ، تەقاندنەوەی ئارایشتگاو دوکانی سەتەلایت وڤیدیو، لە کوردستانی عێراق و ئەفغانستان و جەزائیر، کوشتن و ئیختیتاڤ تیوریست لە فلیبین ومیسرو و.....ئەمە واقعیەتی ئەم بزوتنەوەیە.بەلام ئەم بزوتنەوەیە ئەگەر بە هۆی ڕوداوەکەی ١١ی سیبتمبەرەوە " مێژوی جیهانی گۆڕی "، ئەوا یەك مەسەلەی گرینگ، ئەوەیە کە مێژوی خۆشیانی گۆری لەراستی دا، پڕۆسەی نەمانی خۆیانی خێراترکردەوە، نەلەبەرئەوەی ئەمەریکا دژیانە یان لێیان دەدات، کە من پێم وانی یە ئەمەریکا دژی ئیسلامی سیاسی بێت، ئەو دژی ئەو هێزەیە کە تا ئێستا دەستکردی خۆی بوە، گوی لە ڕێنوێنی یەکانی ناگرێت، ئەگینا تا ماوەیەك دوای ڕوداوەکەی ١١ی سیبتمبەریش پەیوەندی لەگەلْ تالیبانداهەرمابوو، ئێستاش پەیوەندی لەگەلْ چەقۆکێشەکانی جەزائیر و حکومەتی سعودیە دا نەك هەربەردەوامە بەلکو دەیەوێت بەباشی ڕایبگرێت.کەواتە، ئیسلامی سیاسی یە بەعنوانی هێزێکی کاریگەر لە سەر ئالْوگۆڕەسیاسی یەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و باکوری ئەفەریقاو...لەبەر ئەوە بەرەو نەمان دەچێت، کە فەرهەنگ و سیاسەت وپراتیکی بۆ هەموو دانیشتوانی جیهان ڕوشن بوەو بە ڕۆشنترین شێوە خۆی نیشان دا، ئەمە خالْیك بوو کە ١١ی سیبتمبەر تا ئەوپەری خۆی نیشانی دا و بەم شێوەیەش جۆری بیرکردنەوەی جیهانی ئەمڕۆی گۆڕی ، کە چارەنوسی بەشەریەتی ئەمڕۆ لەئاستی جیهاندا هاوبەش و نیزکە پێکەوە.لە ئاستی ناوچەکەدا، پاش کوشت وبڕو سەربڕینی ئەنقازی یەکان وجیهادی یەکان وحەماسی یەکان، حزب اللهی یەکانی ئێران و...ڕووی تاریك و ئومێدێکی ڕەش بە دواڕۆژ کە دەیدەنە گوی ی ئینسانی ئەم ناوچانەدا، تاڕادەیەکی زۆر و بەرچاو بزوتنەوەیەکی گەورەو عەزیمی پێکهێناوە بەدژی دین و ئیسلامی سیاسی ئەگەرچی یەك نەگرتوو تا ڕادەیەك خاموش، کە بەگشتی لە ئایندەیەکی نزیکدا بە قازانجی سکولاریەت و سکولاریزم دەشکێتەوە، خالْێکی تریش کە زۆر گرینگە یان بلْیم گرینگترین خالْە لە مڕۆدا، وەزعی قەیرانی سیاسی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەم حکومەتە لە خوارەوە خەلك نایەوێت و لەسەرەوە شەق بوە، هەندێکی ماوە بکەویتە خوارو پارچە پارچە ببێت، ئەم واقعیەتە لە ناڕەزایەتی خەلْکی ئێران، ژنانی ئێران ولاوان و کرێکاران لە ئێراندا بەڕۆشنی دەبینرێت، بەتایبەت لەحالْەتی لە ناوچونی ئەم حکومەتە ڕەشەی سەرمایەو ئەم نوێنەرە غوڵەی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا، کە لەسەرپایەی هەستانێکی جەماوەری عەزیم دەبێت لە دژی دین، ئەوکات ئیسلامی سیاسی

www.kurdistannet.org
11-9-02 22:23:22

گەورەترین پشتیوانەی سیاسی و ماددی ومەعنەوی وسەربازی خۆی لە دەست دەدات، کە کاریگەری گەورەی دەبێت لە خێرا ئابونی ئیسلامی سیاسی لە تەواوی ناوچەکەدا، لایەنێکی تر کێشەی فەلەستین–ئیسرائیلە، بە چارەسەری ئەم کێشەیەو پەیدابونی دەوڵەتێکی فەلەستینی ، زەربەیەکی گەورە دەدرێت لەم بزوتنەوەیە و ژێر پێی ئیدعاکانی بەتەواوی خاڵی دەبێتەوە.ئێستا پێویستە کێشەی عێراقیشی پی زیادبکرێت، کە ئیسلامی سیاسی لەسەری ئاو دەخوات و کردویەتی بە سەرمایەیەکی سیاسی بۆخۆی ، بە دۆزینەوەی چارەسەرێك جا بەهەر شێوەیەك بێت، بۆ ئەم کێشەیە، بەبڕوای من لێرەشدا زەربەیەك بەر ئیسلامی سیاسی دەکەوێت.لە کوردستانی عێراقدا، مەسەلەکە لەوەش زور ئاسانتر دەڕواتە پێشەوە، بە بڕوای من بەبی دەست بەملداهێنانی دەسەلاتداران، ئەم ئیسلامی یە سیاسی یە نەیدەتوانی یەك هەنگاو گەشە بکات و بێتە پێشەوە، من باسی ئیسلامی سیاسی دەکەم، باسی شێوزای خۆدەرخستنیان ناکەم، لای من یەککرتوی ئیسلامی وبزوتنەوەی ئیسلامی و ئەنساری ئیسلام، هەموویان ڕەنگی جیاوزی قوماشێکن و یەك ئیدعای سیاسی یان هەیە، جا بەشێوەو میکانیزمی عەمەلی جیاواز دەیبەنە پێشەوە.

ئەگەر لەماوەی ئەم ساڵەدا خەلکی دنیا لە نێوان بەرداشی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمەریکی و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی دا هەناسەی توند بوە، لە ژێر باری تەقینەوە و خۆتەقاندنەوەو جەنگ و هێنانی سوپاو، قەتل و عام و ئەفکاری دواکەوتووی " فەرهەنگە جیاوازەکان وریز لیگرتنیان" و " شارستانیە جیاوازەکاندا"مێشکی سواوە، وە ئەگەر دەرسێکی گەورەی ١١ی سیبتمبەر، ئەوەیە کە تەواوی خواست و مافە ئینسانی یەکان جیهانین، ونەتەوەو پێست و رەگەزی جیاواز نابێت هۆیەك بێت بو هەلاواردنی ئینسانەکان، ئەگەر ئەمە دەرسێکە، وە بڕوای من گەورەترین دەرس و واقعیەتی دنیای ئەمرۆشە، ئەوکات ئەمری نەهێشتن و تورِ هەڵدانی تیروریزم بە هەردوو شێوەکەیەوە، ئەمری پێکهێنانی جیهانێکی متمدن و ئینسان دۆست، ئەرکی ملیارەها ئینسانە کە هیوای بەدیهێنانی جیهانێکە کە تیایدا پیشوویەکی سەربەستانە بدات، کە تیایدا ئینسانەکان بە سەربەستی وئازادی ویەکسانی بژین، ئەمە کاری کۆمۆنیستەکان و هەموو ئەو ئینسانانەیە، کە دنیایەکی بی چەوسانەوەیان پێویستە، هەر لەئیستاوەو لەم ساڵرۆژەدا پێویستە بینە مەیدان وبلێین" بمری تیرۆریزمی دەوڵەتی بەسەرکردایەتی ئەمەریکا، بمری تیروریزمی ئیسلامی سیاسی ، بژی ئازادی ویەکسانی ".٩/١٠